# هارۆلد پینتەر : ئێمە لە خەوێکی ناخۆشدا دەژین

**وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: کاوە ئەمین**

لە سەرەتایی ئەمساڵدا، نەشتەرگەرییەکی گەورەی ژێرپەنجەم بۆ کرا. نەشتەرگەرییەکەو ئازارەکانی دواتر، وەک خەوێکی ناخۆش وابوون. وام هەست دەکرد کە وەکو کەسێکم لێهاتووە کە مەلە نازانێت و لەژێر دەریایەکی قوڵ و بێ کۆتاییدا، پەلەقاژە دەکەم. بەڵام، نەخناکام و خۆشحاڵم کە هێشتا لە ژیاندام.

بەڵام، کە لەو خەوە ناخۆشەی خۆم خەبەرم بووەوە، لە جیاتی ئەوە خۆم لە خەوێکی زۆر ناخۆشتردا بینییەوە، خەوێکی ناخۆشی ئاشکراو بێ کۆتایی، ئەویش خەوی ناخۆشی، هێستریایی ئەمریکی، نەزانی، ئارۆگانس، ئەحمەقی و شەڕەنگێزیی؛ گەورەترین نەتەوە کە تا ئێستا هەبووە، لە کردەوەدا، شەڕ بە دژی هەموو دنیا دەفرۆشێت. سەرۆک بوش وتی " ئەوەی لە گەڵمان نەبێت، دژمانە". هەروەها وتی: " ئێمە ڕێگا نادەین خراپترین چەک بکەوێتە چنگ خراپترین سەرۆکەکانی دنیا". "بە تەواوەتی وایە". هاورێ، سەیرێکی ئاوێنە بکە، ئەوە تۆ بۆ خۆتی.

ئێستا ئەمەریکا گەشە بە "چەکە کۆکوژییەکانی" دەدات و ئامادەیە لەو شوێنەی کە خۆی بە گونجاوی بزانێت، بەکاریان بهێنێت. ئەمەریکا، بە تەنها بەقەد هەموو دنیا، لەو چەکانەی هەیە. ئەمەریکا خۆی لەو پەیمانە نێونەتەوەییانەی کە بە دژی چەکی بایەلۆجی و کیمیاویەکان مۆرکراون، کشاندۆتەوە و، ڕێگا بە پشکێنەرانی نێونەتەوەی نادات کە کارگەکانی بپشکنن. ئەمەریکا پێی وایە کە تەنها ئەو سێ هەزار کوژراوەی نیۆرک، کوژراون و مانایەکیان هەیە. ئەوانە کوژراوی ئەمەریکاین. کوژاراونی تر هیچ نین، ئەپستراکتن و بێ قیمەتن. هیچ کاتێک باسی ئەو سێ هەزار کوژراوە ئەفغانیانە ناکرێت. ئەو سەد هەزار منداڵە عێراقیانەی کە بەهۆی ئەمبارگۆی بەریتانیا و ئەمەریکاوە، مردن و لە دەرمان بێبەش کران، هیچ کاتێک باسیان لێوە ناکرێت.

هیچ کاتێک، باسی کاریگەری ئەو یۆرانیۆمەی کە ئەمەریکا لە جەنگی کەنداوی فارسدا، بەکاری هێنا، ناکرێت. ئاستی تیشکە هەستەییەکان، بەشێوەیەکی ترسناک، لە بەرزیدایە، لە عێراق. منداڵ بەبێ مێشک، چاو، ئەندامی زاوزێ لە دایک دەبن، خۆ ئەگەر ئەو منداڵانە، گوێ، دەم و کۆمیشیان هەبێت، ئەوا تەنها شتێک کە لێیانەوە دێتە دەرەوە، خوێنە.

دوو سەد هەزار کەس لەلایەن ڕێژیمی ئەندەنۆسیاوە لە ساڵی 1975 لە تیموری ڕۆژهەڵات کوژران، کە بە پشتیوانی و ئیلهامی ئەمەریکا، کران، باسیان لێوە ناکرێت. ئەو نیو ملیۆنەی کە لە گواتیمالا، چیلی، ئێلسەلڤادۆر، نیکاراگوا، ئورگوای، ئەرجەنتین و هایتی، کوژران، لەو هێرشانەی کە لەلایەن ئەمەریکاوە، بە مادی و مەعنەوی، پشتیوانیان لێدەکرا، هیچ کاتێک باسیان لێوە ناکرێت.

چیتر باسی ملیۆنان کوژراو لە ڤێتنام، لاوس و کامبۆجیا، ناکرێت. خۆ ئەو ڕەوشە دژوارەی خەڵکی فەلەستین و ئەو فاکتەرانەی کە وان لە پشت دڵەڕاوکە جیهانیەکانەوە، هەر باسیان لێوە ناکرێت.

بەڵام، ئاخۆ ئەمە چ هەڵسەنگاندنێکی هەڵەی ئێستا و چ لێکدانەوەیەکی هەڵەی مێژوو بێت. مرۆڤەکان لە بیریان ناچێتەوە. ئەوان، مردنی هاوڕەگەزەکانی خۆیان لە بیر ناکەن، ئەوان ئەشکەنجە و خنکاندنەکان لە بیر ناکەن، ئەوان ناهەقیەکانیان لە بیرناچێتەوە، ئەوان چەوسانەوەیان لە بیرناچێتەوە، ئەوان تیرۆری دەستەڵاتە گەورەکانیان لە بیرناچێتەوە. ئەوان نەک هەر لە بیریان ناچێتەوە: هەروەها بەرپەرچیشیان دەدەنەوە.

کارەساتی نیۆرک، کارێکی کردەنی و شتێک نەبوو خۆی لێدەربازکەن. ئەمە تۆڵەیەک بوو لەو تیرۆرە دەوڵەتییەی ئەمەریکا کە بە بەردەوامی و سیستەماتیک، چەندین ساڵ بوو لە هەموو دنیادا، پەیرەوی دەکرد.

بەریتانیا، خەڵک ئاگادار دەکاتەوە کە "هۆشیار" بن، لەبەر مەترسی هێرشی گەورەی تیرۆریستی. هەر خۆی لە خۆیدا، بەکارهێنانی ئەو جۆرە ئاخفتنانە، پێکەنین هێنەرە. ئایا چۆن یاخو دەتوانرێت هۆشیاری خەڵکی بخرێتە کردارەوە؟ ئایا مرۆڤەکان، دەستەسڕ بگرن بە دەمیانەوە، تا ڕێگا لە گازیی ژەهراویی بگرن؟

ئیحتیمالی هێرشی تیرۆریستی لە داهاتوو دا، زۆرە، ئەوەش بە هۆی ئەو خۆتەسلیمکردنە شەرمهێنەرەی سەرۆک وەزیرەکەمانەوەیە، بۆ ئەمەریکا. پێدە چێت لەم ماوەیەی پێشوودا، هەوڵدان بۆ هێرشێکی تیرۆریستی بە گاز بۆ سەر خەتی شەمندەفەری ژێر زەوی لە لەندەن، پوچەڵکرابێتەوە.

بەڵام هێرشێکی لەو بابەتە،زۆر ئاساییە ڕوودەدات. هەزاران، منداڵی خوێندکار بەو خەتە ژێر زەوییانە هاتووچۆ دەکەن. ئەگەر هێرشێکی وا ڕوودات و ئەو منداڵانە بکوژرێن، ئەوا سەرۆک وەزیران بەرپرسیارە لێی. خۆ گومان لەوەدا نییە کە ئەو بۆ خۆی بە شەمەندەفەری ژێر زەوی، هاتووچۆ ناکات.

بەرنامەی هێرشکردنە سەر عێراق، کە خۆی لە خۆیدا بەرنامەیەکی بە مەبەستە بۆ کوشتنی هەزاران سڤیل، بەڵام بە ڕووکەش، بە ئامانجی ڕزگار کردنیان لە ژێر چنگی دیکتاتۆرەکەیان.

ئەمەریکا و بەریتانیا، سیاسەتێک پیادە دەکەن، کە تەنها دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توندو تیژیی لە سەرتاسەری جیهاندا، لە کۆتایشدا، کارەساتێکی گەورەی لێدەکەوێتەوە. شتێکی ئاشکرا و ڕوونە کە ئەمەریکا، بەو پەڕیی خۆشحاڵییەوە خۆی بۆ لێدانی عێراق، ئامادە دەکات. من پێم وایە کە ئەمەریکا بەو کارە هەڵدەستێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە کۆنترۆڵی نەوتی عێراق بکات بەڵکو لەبەر ئەوەی کە داودەستگای حکومەتی ئەمەریکا وەکو دڕندەیەکی تینو بە خوێن وان. ئەوان تەنها زمانێک کە قسەیی پێدەدەکەن، بۆمبە. ئێمە دەزانین کە خەڵکی ئەمەریکا زەندەقیان لەو هەڵوێستانەی ئەمەریکا چووە، بەڵام ئەوان بێدەستەڵاتن.

ئەگەر، ئەوروپا، هاوپشتیوانی، ڕووناکبیری، ئازایەتی و داخوازیی ئەوەیان تێدا نەبێت کە ڕووبەڕووی دەستەڵاتی ئەمەریکا ببنەوە، ئەوا ئەوان لایەقی ئەو قسەیەیی ئالێکسێندەر هێرزێنسن کە دەڵێت: " ئێمە دوکتۆرەکە نین، بەڵکو نەخۆشییەکەین".

تێبینی: ئەم وتارە دوای 11 سێبتێمبەر و پێش هێرشکردنە سەر عێراق نووسراوە، کە تێیدا پێشبینی، هێرش بۆ سەر شەمندەفەری ژێرزەوی لە لەندەن کراوە. ئەم وتارە دوو جار لە گەورەترین ڕۆژنامەی سوێد (ئافتونبلادت) دا، بلاوکراوەتە. مەبەست لە وەرگێڕانی ئەم تێکستە ئەوەیە، کە ڕووناکبیری کورد بزانێت کە خەڵک چۆن دژیی دەستەڵات دەوەستنەوەو دەشتوانن گەورەترین خەڵاتی دنیای ئەدەبیات بۆ خۆیان بەدەست بهێنن. وەک دەزانرێت، هارۆڵد پینتەر، خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبێڵی ئەمساڵی، پێ بەخشرا.